٢- بطلب تحريري مسبب يقدمه ثلث اعضاء الهيئة العامة الى المجلس وعلى المجلس اصدار الدعوة وتعيين موعد الاجتماع خلال مدة خمسة عشر يوماً من تاريخ وصول الطلب.

ثانياً: لايجوز البحث في اجتماعات الهيئة العامة غير الاعتيادية الا في الامور التي ادرجت في جدول الاعمال وعند الاجتماع من اجلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١٠) چ تیبینی لەسەری هەیە؟.. نییە کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الحادية عشر:

اولاً: لايجوز للعضو الاشتراك في اجتماعات الهيئة العامة اذا كان قد منع من مزاولة المهنة انضباطياً.

ثانياً: تصدر القرارات في اجتماعات الهيئة العامة بأكثرية الاصوات وعند تساويها يرجح الجانب الذي فيه الرئيس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١١) چ تێبینی نییە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية عشر:

يتولى ادارة شؤون النقابة مجلس يتألف من تسعة اعضاء:

اولاً: النقيب ويشترط فيه ان يكون له ممارسة في المهنة مدة لاتقل عن عشر سنوات.

ثانياً: ثمانية اعضاء بما فيهم نائب النقيب والسكرتير ممن امضوا في ممارسة المهنة مدة لاتقل عن سبع سنوات.

ثالثاً: ينتخب المجلس من بين اعضائه وبالاقتراع السري نائباً للرئيس وسكرتيراً.

رابعاً: يعقد المجلس جلساته الاعتيادية مرة واحدة في الشهر كما يجوز له عقد جلسات استثنائية بدعوة من النقيب او بطلب ثلث اعضائه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كاك سیروان و كاك ڕەجەب، كاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لێرەشدا دیسانەوە دەڵێین «نقابە» بكرێتە «يتألف نقابة المجلس من»، پاشان پێشم باشە كەوا خاڵی «١ و٢»لەم ماددەیەدا بێت و، خاڵەكانی «٣ و٤»یش لە ماددەیەكی تردا بێت، هەروەكو لە یاسای خاوەن پیشە تەندروستییەكاندا هاتبوو، چونكە ئەوە پێكهاتەی ئەنجوومەنە، بەڵام ئەوی تر ئیشكردنی ئەنجوومەنە، جا ئەوانە دوو ماددەی لە یەك جیاوازن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

لەرووی جوانكاری دارشتنەوە ئەوەی كەوا جەنابت باسی دەكەیت زۆر باشە، چونكە ئەوانە دوو شتی جیاوازن، كەواتە هیچ كێشەیەكمان نییە، تەنها ماددەیەكی بۆ زیاد دەكەین، ئەویش خاڵی «٣و٤» دەكەینە ماددەی «١٣»، لیژنەی یاسا هیچ گرفتێكی تیادا دەبینێت؟، كاك مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ماددەی بۆ زیاد ناكەین، ئەڵێین:«يتألف مجلس النقابة من (٩)أعضاء :أولاً_ النقيب. ب – «٨» أعضاء.» ٢_ بڕگەی «٣ و٤»دادەنێین، بۆ بیكەینە ماددەیەكی تر، هەر هەمان ماددە بێت، تەنها دیكەینە دوو بڕگەی جیاواز، چونكە بڕگەی «٣و٤» لە میانی تایبەتمەندەكاندا نییە، بەڵكو لە میانی هەڵبژاردنەكانە، چونكە دەڵێت: « ينتخب المجلس من بين أعضائه بإقتراع سري نائباً للرئيس و سكرتيراً»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەوانە هیچ پەیوەندییان بە یەكەوە نییە، یەكیان باسی نەقیب و «٩»ئەندامەكەیە و، ئەوی تریشیان باسی هەڵبژاردنە و، ئەمی تریشیان دانیشتنی نائاساییە، گونجاوترە ئەگەر بكرێت بە دوو ماددە،یان بكرێت بە «٣» ماددە، ماددەی یەكەم «١ و٢» بێت، ماددەی دووەم هەڵبژاردنی سكرتێر و جێگری سكرتێر بێت و، ماددەی سێیەمیش دانیشتنە ئاساییەكان بێت كە لەلایەن نەقیبەوە دەكرێت، كەواتە ماددەی«١٢» بڕگەكانی «١و٢»ی تیادا دەبێت و، ماددەی «١٣»بڕگەكانی «٣ و٤» بە خۆوە دەگرێت، ئەو «أولا و ثانيا»ش هەڵگرن و بیكەن بە «١و٢»باشترە، ئێستاش ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟..سوپاس.. كێ لەگەڵ نییە؟، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا ماددەی

«١٢» چ تێبینییەکی لەسەر هەیە؟، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد تاهیر مەحمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دانانی «١و٢»باشە، بەڵام لە نەقیب و «٨» ئەندامەکە مەرجیشی تیادایە و، کە مەرجی کار بە پیشەکردنە و نابێت ئەو مەرجانەش تێپەڕ کەین، بە رای من «١و٢و٣» ماددەیەک بێت و، «٤»ەمیش ماددەیەکی بەتەنها بێت، چونکە ئەوە باس لە گرێدانی دانیشتنی ئەنجومەنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش هەر وامان لێ کردووە، جا بەو شێوەیە دایڕێژنەوە، ئەگەر چ تێبینیتان نییە ئەوە دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربنەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الرابعة عشر:

١- يتم النصاب في المجلس بحضور أكثرية الأعضاء وتصدر القرارات بأغلبية أصوات الحاضرين وعند تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي فيها الرئيس.

٢- إذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه أو السكرتير إذا كان مركز نائب النقيب شاغراً وذلك للمدة المتبقية.

٣- إذا شغر أحد مراكز المجلس لأي سبب كان فيحل محله عضو من بين إعضاء الإحتياط.

٤- إذا شغر مناصب أكثر أعضاء المجلس، على المجلس دعوة الهيئة العامة خلال شهرين للإنتخاب من يملئها بنفس الطريقةالمبينة في هذا القانون للمدة المتبقية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«إذا شغر أحد مراكز المجلس لأي سبب كان فيحل محله عضو من بين الأعضاء الأحتياط» هەر هەمان کێشەی پێشەوەمان هەیە، کە ئەویش ئەگەر هاتوو هەر سێ جێگای نەقیب و جێگرەکەی و سکرتێر قبوڵ بی ئەوە یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن شوێنی دەگرێتەوە تاوەکو کاتی هەڵبژاردن، کەواتە ئەندامێکی یەدەگ دێتە شوێنی ئەو ئەندامە ئەسڵییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نابێت هەر وەکو سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان چارەسەری کەین؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەبێت، هەر وەکو ئەوەی سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکانی لێ کەین، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی یەکەمدا هاتووە «يرجح الجانب الذي فيه الرئيس»، «الرئيس» بکرێت بە «النقيب»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەڵەی دارشتنەوەیە و، لە کاتی دارشتنەوەدا دەبێت رەچاوی ئەو خاڵانە بکرێت، ئەوە گرفت نییە، ماددەی «١٤» لە یاسای سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکاندا ئێمە بەم شێوەیە چارەسەمان کردووە«١ــ إذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه للمدة المتبقية وإذا كان مركز النائب شغر فيحل السكرتير محل النقيب. ٢ــ إذا شغر منصب النقيب ونائبه يحل محله عضو من الأعضاء الأصليين عن طريق الإقتراع السري وعلى المجلس أن يدعو الهيئة العامة للإجتماع غير الإعتيادي خلال مدة لا تزيد عن شهرين لغرض إنتخاب النقيب ونائبه للمدة المتبقية على ان لا تقل عن ستة أشهر» ئەمە دەبێت بە دەقەکەی و پێشتریش دەنگدانمان لەسەری کردووە و، ئەمە پێشنیار کراوە ودەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الخامسة عشر:

أولا: يمارس المجلس الإختصاصات التالية:

١ـ العمل على تحقيق أغراض النقابة.

٢ـ تقديم المقترحات الى الهيئة العامة بشأن تعديل قانون النقابة.

٣ـ تنفيذ مقررات الهيئة العامة.

٤ـ تعين العاملين في النقابة وتحديد أجورهم.

٥ـ النظر في طلبات الإنتماء والموافقة عليها.

٦ـ إختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية.

٧ـ إحالة القضايا و الشكاوي التي ترد اليها الى اللجان المختصة.

٨ـ البت في إستقالة النقيب أو نائبه أو أي من أعضاء المجلس.

٩ـ تأسيس فروع النقابة في المحافظات.

١٠ـ تشكيل اللجان الفرعية لتحقيق أغراض النقابة.

١١ـ تعين مدقق حسابات لأجل تدقيق الحسابات.
١٢ـ تنظيم الأوراق الإنتخابية والوثائق الأخرى والإشراف على عملية الإنتخاب.
١٣ـ إقرار تمليك الأموال والعقارات والقبول الهبات و المنح بموافقة الجهات المختصة.
١٤ـ تأسيس وإدارة النوادي وفق قانون الجمعيات.
١٥ـ إعداد النظام الداخلي للنقابة.
ثانيا: للمجلس تخويل بعض من صلاحياته الى اللجان الفروع.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «١٥»هەیە، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە برگە «٧»دا کە دەڵێت:« إحالة القضايا و الشكاوي التي ترد اليها الى اللجان المختصة» بکرێت بە «الى لجنة الإنضباط» باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد تاهیر مەحمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە خاڵی «١٣» وشەی «تمليک» بکرێت بە «تملک الأموال»، لە خاڵی «١١»ەشدا دەڵێت:« تعين مدقق حسابات» ئەوە لە خاڵی «٤»دا وتراوە «تعين العاملين»مان نووسیوە جا باشتر وایە خاڵی «١١» بکرێت بە «التدقيق السنوي لحسابات النقابة»، چونکە ئەوە ئیشی ئەنجوومەنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە شوێنەکانی تر وا چارەسەر کراوە «إعداد الميزانية و تيعن محاسب قانوني لإجراء تدقيق حالسابات الختامية» ئەم دەقە لە جیاتی خاڵی «١١»ەیەم دادەنێین، چونکە رستەکەشی لاوازە، جا پێشنیار هەیە کەوا ئەو رستەیەی لە شوێن دانێین، چ تێبینییەکی لەسەر هەیە؟، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد تاهیر مەحمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە «تعين » ئەو وشەیە لە خاڵی پێش ئەوەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

«تعين» مەرج نییە تەنها بە وەزیفە دایمەزرێنێت، دەتوانن فەرمانبەرێکی ژمێریاری یاسایی راسپێرن بۆ ئەوەی بەو کارە هەڵسێت، چونکە نابێت سەندیکایەک ژمێریارێکی یاسایی بۆ سەندیکاکەی مانگی بە چەند هەزار دینارێک دامەزرێنێت، لێرە نووسینگەی ژمێریاری هەیە کە

دەتوانن بە بڕێک پارەی مانگانە رایانسپێرن کەوا وردکاری لە حیساباتی سەندیکادا بکەن، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دامەزراندنی «مدقق الحسابات» ئەگەر بۆ هەندێک لە کۆمپانیاکان پێویست بێت وفەرمانی دامەزراندنی دەربچێت و مانگانەی هەبێت، ئەوە شتێکی یاساییە، بەڵام سەبارەت بە سەندیکاکان ئەوە وردکارێکی ژمێریاری راسپێرێت و، دێت ئیشەکان هەمووی دەکات و، پاش تەواو بوونی ئیشەکەی کرێکەی دەدەینێ بەبێ ئەوەی دایمەزرێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە کە دەڵێت:«إعداد الميزانية و تيعن محاسب قانوني لإجراء تدقيق الحسابات الختامية» دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السادسة عشر:

للنقيب الصلاحيات التالية:

١ـ رئاسة اجتماعات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢ـ تمثيل النقابة في كافة المعاملات لدى الجهات القضائية والادارية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة وله تخويل بعض صلاحياته الى من يرتأيه من اعضاء المجلس.

٣ـ تأييد ملاءة منتسبي النقابة لأغراض الكفالات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبنییەک نییە لەسەر ئەم ماددەیە؟،کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی دووەمدا هاتووە:«تمثيل النقابة في كافة المعاملات لدى الجهات القضائية والادارية والهيئات الرسمية......»بە رای من ئەو «في كافة المعاملات »ی لێ هەڵگیرێت و، بکرێت بە «تمثيل النقابة لدى الجهات القضائية والادارية والهيئات الرسمية......» ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش هەڵەیەکی نووسینە، باشە دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السابعة عشر:

اذا تغيب النقيب او شغر منصبه ناب عنه نائبه للمدة المتبقية او السكرتير في حالة تغيب النقيب ونائبه واذا شغر المناصب الثلاثة ينتخب المجلس احد اعضائه ليحل محل النقيب وعلى المجلس دعوة الهيئة العامة خلال مدة لاتتجاوز شهرين لغرض انتخاب النقيب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دووبارە بووەتەوە، ئەگەر بیسڕنەوە باشترە، فەرموو ماددەکەی پاشی ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السابعة عشر:

يعتبر عضو المجلس مستقيلاً اذا تغيب عن حضور ثلاث جلسات متتالية او خمس جلسات متفرقة خلال سنة دون عذر مشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟. نییە؟، کەواتە دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثامنة عشر:

تؤلف لجنة الانضباط من ثلاثة اعضاء وعضوين احتياط وتختص بالنظر في القضايا والشكاوي التي يحيلها عليها المجلس وتتبع القواعد الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بە گوێرەی ئەم ماددەیە بێت، وەکو ئەوەیە کە ئێمە دەسەڵاتی ئینزیباتی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەدەین بە سەندیکا، جا نابێت وا بێت، چونکە ئینزیباتی فەرمانبەری وڵات سەر بە لیژنەی ئینزیباتی و یاسای ئینزیباتییە، نەوەک لە دەسەڵاتی سەندیکادا بێت، ئێمە لێرەدا دەتوانین بێین لەکاتی ئیجرائاتەکەدا ئەو ئیجرائاتە لێرەدا بەکار بێنین، بەڵام دەسەڵاتەکە نەء، چونکە ئینزیباتی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەسەڵاتی زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا دەسەڵاتی لیژنەی ئینزباتی دیاری کراوە بە «إلفات النظر وإنذار والمنع» ئەوەی کە مەبەستە لێرەدا ئەو بنەمایانەن کە لەکاتی ئیجرائاتدا بەرجەستە دەکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

لە یاساکەی پێشوودا لە برگەی کۆتاییدا باسی ئەو پێشنیارە دەکات کە کاک سەعید باسی کرد، بەڵام لێرەدا لەگەڵ رستەکەی سەرەوەدا هاتووە، هیچیش لە بابەتەکە ناگۆڕێت، کەواتە وای لێ دێت: «تتألف لجنه الإنضباط من «٣» أعضاء وعضوين إحتياط وتختص بالنظر فى الشكاوى التى يحيلها عليها المجلس.» پاشان ( للجنه الإنضباط الصلاحيات : «أ» و«ب» و«جـ» )خاڵی «د»یشی بۆ زیاد دەکەین، (تتبع لجنه الإنضباط القواعد الوارده فى قانون إنضباط الموظفى الدوله) کەواتە هیچ ناگۆڕێت، هەرچەندە پێشنیارەکەی کاک سەعید بەجێیە، بەڵام ئەگەر لەوێ بێت، یا بکرێتە برگەیەکی تایبەتی، ئەوەندە جیاوازی نابێت، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة التاسعة عشرة:

للجنة الانضباط صلاحية اصدار العقوبات التالية:

أـ الفات نظر.

ب ـ إنذار.

جـ ـ المنع لمدة لا تتجاوز ستة اشهر ويقتصر المنع بالنسبة للموظف والمستخدم على العمل خارج اوقات الدوام الرسمي وتبلغ دائرته بالقرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، نییە؟، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة العشرون:

يجوز الطعن في قرارات لجنة الإنضباط لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة ثلاثين يوماً من تأريخ التبليغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ماددەی «١٦»مان کە هەڵگرت، دەبێت ئێستا ماددەکان زنجیرەی ئاسایی خۆیان وەرگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زنجیرەی خۆیەتی، چونکە ماددەیەکمان کرد بە دوو ماددە و، ماددەیەکیشمان هەڵگرت، جا بۆیە ئێستا زنجیرەی ئاسای خۆی وەرگرتووە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الحادية والعشرون:

١- تنتخب لجنة الفرع من قبل الاعضاء بالاقتراع السري.

٢- تتألف لجنة الفرع من رئيس وعضوين اصليين وعضو احتياط.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەم ماددەیە هیچ تێبینییەک هەیە؟، دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ ..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو ماددەی «٢٢» بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

الفصل الرابع

(مالية النقابة)

المادة الثانية والعشرون:

تتكون مالية النقابة من:

١- بدلات الانتماء والاشتراك السنوي.

٢- المنح المقدمة من الجهات الرسمية والغير الرسمية.

٣- التبرعات والهبات المقدمة من الاعضاء وغيرهم وبموافقة الجهات المختصة.

٤- ريع الحفلات المقامة لمنفعة النقابة.

٥- أرباح المشاريع التي ترتأي النقابة تأسيسها أو القيام بها.

٦- أرباح مطبوعات النقابة.

٧- الرسوم التي يقررها مجلس النقابة في حالة قيامها بالتحكيم.

٨- تأييد ملاءة منتسبي النقابة والاستشهادات التي يصدرها المجلس.

٩- رسم تأييد العقد بين منتسبي النقابة وأصحاب الاعمال.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی «٢٢» هیچ تێبینییەکی لەسەر هەیە؟، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر تەواوە، تەنها خاڵی یەکەم نەبێت کە دەڵێت:«بدلات الانتماء والاشتراك السنوي» ئەو «الاشتراك» بکرێت بە «الإشتراكات»، چونکە «بدلات» بە کۆ هاتووە،

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە یاسادا دەڵێین دەبێت بە تاک قسە بکرێت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە «بدلات»بکرێتەوە تاک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پاشان چاک کەن، ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثالثة والعشرون:

للمجلس ان يمنح او يقرض اي عضو من منتسبي النقابة إذا ثبت عجزه وفق الحالات المدرجة ادناه:

١ـ اذا اصيب بمرض يستلزم معالجة خاصة بتقرير من لجنة طبية.

٢ـ اذا تعرض لحادث عطله من مزاولة المهنة.

٣ـ اذا حلت به كارثة طبيعية سببت له اضرار مالية لا قبل له بتعويضها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەو «٣»بڕگەیە زیادەن، چونکە لە ئامانجەکاندا هاتوون،«السعي لضمان مستقبل الاعضاء في حالات المرض والشيخوخة والبطالة.» ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کەوا ئەو ماددەیە زیادە، چونکە لە ئامانجەکاندا هاتووە، وەکو پێشنیار دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، ئەوە دیسان ماددەیەکی ترمان کەم کردەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

ماددەی «٢٤»مان کرد بە «٢٣».

المادة الثالثة والعشرون:

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، نییە؟، دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الرابعة والعشرون:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «٢٤»هەیە، دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الخامسة والعشرون:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، دیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، ئێستا وەکو یاسا دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم یاسایەدایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، فەرموو هۆکارە پێویستەکان بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

الاسباب الموجبة

بغية تطبيق عمل وجهود الكيمياويين كبقية شرائح الشعب الكوردستاني وتوجيهاً للمساهمة في اعمار وبناء وانماء كوردستان من الجوانب العلمية والعمرانية والزراعية والصناعية، بعد تحقيق هدف الحركة التحررية الكوردية التي قادها مصطفى البارزاني الخالد في الحرية والديموقراطية والفيدرالية وتعزيزاً لهذه المكتسبات ولرعاية مصالح اعضاء لنقابة فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەمە تەواو، هیچ خاڵێکمان لە بەرنامەی کاردا نەماوە، «١٠»خولەک پشوو دەدەین، فەرموون.

## دوای پشوودان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی کۆتایی ئەم دانیشتنەمان لەسەر چیچانە، وەکو هەموو لایەکتان ئاگادارن ماوەیەکە خەڵکی چیچان تووشی شەڕێکی نا ڕەوا بوونە لەلایەن دەسەڵاتدارانی رووسەوە، ئەو وڵاتە، ئەو میللەتە

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ٢٣

مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٨

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٤ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

## یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای سەندیکای کیمیاگەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانن بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

سەندیکا: سەندیکای کیمیاگەران.

دەستە: دەستەی گشتی سەندیکا.

ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکا.

نەقیب: نەقیبی کیمیاگەران.

### بەشی یەکەم
### (دامەزراندن و ئامانجەکان)

ماددەی دووەم:

١ـ بەپێی ئەم یاسایە سەندیکایەک بۆ کیمیاگەران دادەمەزرێندرێ و کەسایەتی مەعنەوی خۆی دەبێ و بارەگاکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێ و بۆی هەیە لقەکانی لەناوەندی پارێزگاکانی هەرێمدا بکاتەوە.

٢ـ دەستەیەکی ئامادەکار لە (١٥)پانزدە کەس پێک دێت بەرەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان تاکو هەڵبژاردنی گشتی دەکرێ.

ماددەی سێیەم:

سەندیکا هەوڵ دەدات لە پێناو هێنانەدی ئەو ئامانجانەی خوارەوە:

١ـ بەشداری کردن لە پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم و سیستەمی دیموکراتی و پاڵپشتی کردن و چەسپاندن و پەرەپێدانی فیدرالیزم.

٢ـ بەشداری کردن لە ڕاپەڕینی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاوەدانکاری و ڕۆشنبیری و زانستی بە هاریکاری لەگەڵ لایەنە پسپۆڕەکاندا.

٣ـ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەندامانی سەندیکا لە ڕووی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوورییەوە، هەروەها داکۆکی کردن لە مافەکانیان و چاودێری کردنی بەرژەوەندییەکانیان.

٤ـ ڕێکخستنی بنەماکانی دەست دانە پیشە.

٥ـ پەیوەندی پێکهێنان و هاریکاری کردن لەگەڵ دەستەو کۆمەڵە پیشەییەکانی تر لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا.
٦ـ کۆشش کردن بۆ زامنکردنی دوا ڕۆژی ئەندامان لە کاتی نەخۆشی و پیری و بێ کاریدا.
٧ـ هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پسپۆڕەکاندا بۆ بوار ڕەخساندن لە بەردەم ئەندامانی سەندیکادا تا خوێندنی لەناوەوەو دەرەوە بیانگرێتەوە.

بەشی دووەم
(چوونە ناو سەندیکاو ئەندامییەتی)

ماددەی چوارەم:
ئەندام دەبێ ئەو مەرجانەی لێ بێتەدی:
یەکەم: هاووڵاتی هەرێم بێ و تیایدا جێواربێ.
دووەم: بەتاوانێکی نا سیاسی یان کەتنێکی ئابڕو بەر حوکم نەدرابێ.
سێیەم: بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان هاوتای ئەوی لە کیمیادا بەدەست هێنابێ و لە بواری تەکنیکاری یان زانستی لە سنووری پسپۆڕییەکەیدا کاری کردبێ.

ماددەی پێنجەم:
یەکەم: چوونە ناو سەندیکا بە پێشکەشکردنی داواکارییەکی نووسراو دەبێ کە پێشکەش بە نەقیب دەکرێ و بەڵگەنامەی پێویستیشی پێوە دەلکێندرێ.
دووەم: داواکاری چوونە ناو سەندیکا لە ماوەی پانزدە ڕۆژ لە مێژووی تۆمارکردنییەوە دەخرێتە بەردەمی ئەنجوومەن، ئەنجوومەنیش لەسەریەتی لەو ماوەیەدا بیبڕێنێتەوە، ئەگەر ئەو ماوەیە تێپەڕی و نەیبڕاندەوە، داواکارییەکە بەقەبوڵکراو دادەندرێ.
سێیەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە داواکاری چوونە ناو سەندیکا بە بڕیارێکی هۆدار دەفز بکات، وە خودان داواکاریش بۆی هەیە لەلای دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا لە ماوەی سی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی ئاگاداربوونییەوە تانەی لێ بداو بڕیاری دادگاش بن بڕە.

ماددەی شەشەم:
یەکەم: ڕەسمی چوونە ناو سەندیکا سی دینارە.
دووەم: ڕەسمی بەشداریکردنی ساڵانە بیست دینارەو لە ماوەیەک دەدرێ کە لە مانگی شوباتی هەموو ساڵێک تێناپەڕێ، ئەگەر ئەندام لە کاتی دیاریکراو ڕەسمی دواکەوت (٥٠٪) لە ڕەسمی بەشداریکردنی ساڵانە جەزا دەکرێ و ئەگەر دوو ساڵی یەک لە دوای یەک بەبێ عوزری ڕەوا لەدانی ڕەسمی بەشداریکردن دواکەوت ناوی لە تۆماری ئەندامان وەدەردەندرێ.

بەشی سێیەم
(پێکهاتەکان)

ماددەی حەوتەم:
سەندیکا لەمانە پێک دێ:
١ـ دەستەی گشتی.
٢ـ ئەنجوومەنی سەندیکا.
٣ـ لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط).
٤ـ لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکان.

ماددەی هەشتەم:
دەستەی گشتی لەهەموو ئەو ئەندامانە پێک دێ کە پابەندییەکانی خۆیان بەگوێرەی ئەم یاسایە جێبەجێ کردووەو بە باڵاترین دەسەڵات دادەندرێ لە سەندیکادا، هەر بە سێ ساڵ جارێک لە نێوان مانگی کانوونی دووەمدا بە بڕیاری ئەنجوومەن و بانگهێشتی نەقیب کۆبونەوەیەکی ئاسایی لە بارەگاکەیدا ئەنجام دەدات، بۆ هەڵبژاردنی نەقیب و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ بۆ پڕکردنەوەی ئەندامییەتی ئەنجوومەن و ئەندامانی لیژنەییەرزەفتی (الانضباط)، ڕاددەی یاسای (نیساب)یش بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەستەی گشتی تەواو دەبێ، وە لە کاتی تەواو نەبوونی (نیساب) هەڵبژاردن پانزدە ڕۆژ دوای کۆبوونەوەی یەکەم لەهەمان کات و شوێندا ئەنجام دەدرێ و (نیساب)یش بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامان بەتەواو دادەندرێ، بە پێچەوانەوەش ئەنجوومەن بۆ خولێکی تریش بە بەردەوام دادەندرێ لە کارەکانیدا.

ماددەی نۆیەم:
دەستەی گشتی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:
یەکەم: ڕاستاندنی بودجەو حسابکاری دوماهی.
دووەم: گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر ڕاپۆرتی ئەنجوومەن.
سێیەم: چاوپیاخشاندنی ئەو پێشنیارانەی کە لە بارەی هەموارکردنی یاسای سەندیکاوە پێشکەش دەکرێن.
چوارەم: بڕیاردان لەسەر پێڕەوی ناوخۆو هەموارکردنی.

ماددەی دەیەم:
یەکەم: دەکرێ دەستەی گشی بانگهێشتی کۆبوونەوەی نائاسایی بکرێ لە یەکێک لەم دوو حاڵەتانەی خوارەوەدا:
١ـ بە بڕیارێکی هۆدار کە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەن دەیدەن.
٢ـ بە داواکارییەکی نووسراوی هۆدار کە سێ یەکی ئەندامانی دەستەی گشتی پێشکەش بە ئەنجوومەنی دەکەن، ئەنجوومەن لەسەریەتی بانگهێشتنامە دەربهێنێ و کاتی کۆبوونەوە لە نێوان پانزدە ڕۆژ لە مێژووی گەیشتنی داواکارییەکەوە دیاری بکات.
دووەم: نابێ لە کۆبوونەوە نائاساییەکانی دەستەی گشتیدا باس لە هیچ کارێک بکرێ غەیری ئەو کارانە نەبن کە لە بەرنامەی کاردا جێگیرکراون و لە کاتی کۆبوونەوە لە پێناویاندا.

ماددەی یانزدە:
یەکەم: نابێ ئەندام بەشداری لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی دا بکات ئەگەر لەلانی بەرزەفتکارییەوە (إنضباطیا) دەستدانە پیشەی لێ قەدەغەکرابێ.
دووەم: بڕیار لەکۆبوونەوەکانی دەستەی گشتییەوە بە زۆرینەی دەنگ دەردەچێ و لە کاتی یەکسان بوونیشدا بەو لایەنە دادەلەنگێ کە نەقیبی لەگەڵدایە.

ماددەی دوانزدە:
ئەنجوومەنی سەندیکا پێکدێ لە:
١ـ نەقیب: مەرجە ماوەی دەست دانە پیشەکەی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.
٢ـ هەشت ئەندام بە بریکاری نەقیب و سکرتێریشەوە: لەوانە بن کە ئەو ماوەیەی لە دەست دانە پیشەکەیان قەتاندوویانە لە حەوت ساڵ کەمتر نەبێ.

ماددەی سێنزدەم:

یەکەم: ئەنجوومەن لە نێوان ئەندامەکانیدا بە هەڵبژاردنی نهێنی بریکاری سەرۆک و سکرتێرێک هەڵدەبژێرێ.

دووەم: ئەنجوومەن مانگی یەک جار دانیشتنە ئاساییەکانی خۆی دەکا هەروەها بۆی هەیە دانیشتنی نائاسایش لەسەر بانگهێشتی نەقیب یان بە داواکاری سێ یەکی ئەندامان ئەنجام بدات.

ماددەی چواردە:

یەکەم: ڕاددەی یاسایی (نیساب) لە ئەنجوومەندا بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان تەواو دەبێ و بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەچێ، وە لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکانیش بەو لایەنە دادەلەنگێ کە نەقیبی لەگەڵدایە.

دووەم: ئەگەر بەهەر هۆیەکەوە شوێنی نەقیب چۆڵ بوو جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە یان سکرتێر ئەگەر شوێنی جێگری نەقیب چۆڵ بوو ئەویش ئەوەندە ماوەیەی کە باقی ماوە.

سێیەم: ئەگەر بەهەر هۆیەکەوە شوێنی یەکێک لە پایەکانی ئەنجوومەن چۆڵ بوو، ئەندامێک لە نێوان ئەندامە یەدەگەکان شوێنی دەگرێتەوە.

چوارەم: ئەگەر پایەی پتر لە ئەندامێکی ئەنجوومەن چۆڵ بوو، ئەنجوومەن لەسەریەتی لە ماوەی دوو مانگدا بانگهێشتی دەستەی گشتی بکا بۆ هەڵبژاردنی ئەوانەی شوێنی ئەم پایانە پڕ دەکەنەوە بۆ ئەوەندە ماوەیەی کە باقی ماوەتەوە، ئەویش بە هەمان ڕێگا کە لەم یاسایەدا دیاری کراوە.

ماددەی پانزدەیەم:

ئەنجوومەن ئەم پسپۆڕیاتیانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:

١ـ کارکردن لە پێناو هێنانەدی مەبەستەکانی سەندیکا.

٢ـ پێشنیار پێشکەش کردن بەدەستەی گشتی دەربارەی هەمووارکردنی یاسای سەندیکا.

٣ـ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی.

٤ـ کارمەند دامەزراندن لەسەندیکادا و دیاری کردنی کرێکانیان.

٥ـ سەیرکردنی داواکارییەکانی هاتنە ناو سەندیکاو ڕەزامەندی لەسەرکردنی.

٦ـ دیاری کردنی ئەوەی نوێنەرایەتی سەندیکا دەکا لە لیژنە ڕەسمییەکاندا.

٧ـ هەواڵەکردنی ئەو کێشەو شکایەتانەی کە بۆی دێن بۆ لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط).

٨ـ تێڕوانین لە دەست لەکارکێشانەوەی نەقیب یان جێگرەکەی یان هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن.

٩ـ دامەزراندنی لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکاندا.

١٠ـ پێکهێنانی لیژنە لاوەکییەکان بۆ ئەنجامدانی مەبەستەکانی سەندیکا.

١١ـ ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەو دامەزراندنی ووردکار (مدقق)ێکی ژمێریاری بۆ ووردکاری کردنی حسابکاری دوماهی.

١٢ـ ڕێکخستنی کاغەزەکانی هەڵبژاردن و بەڵگەنامەکانی تر و، سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردن.

١٣ـ بڕیاردان بۆ خودان کردنی ماڵ و عەقارو قەبوڵکردنی خەڵات و پێ بەخشین بە ڕەزامەندی لایەنە پسپۆڕەکان.

١٤ـ دامەزراندنی بەڕێوەبردنی یانەکان بە پێی یاسای کۆمەڵەکان.
١٥ـ ئامادەکردنی پێڕەوی ناوخۆی سەندیکا.
دووەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی بە لیژنەکانی لقەکان بسپێرێ.

مادەی شانزدەم:
نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:
١ـ سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجوومەنی سەندیکا.
٢ـ نوێنەرایەتی کردنی سەندیکا لەلای دەزگا دادوەری و کارگێڕییەکان و دەستە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکان و ڕاستاندنی مامەڵەکان و بەڵگەنامە تایبەتەکان بە سەندیکاوە، وە بۆی هەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی بدا بە هەر یەکێک لەئەندامانی ئەنجوومەن کە خۆی دیاری بکا.
٣ـ پشتگیری کردنی توانای دارایی ئەندامانی سەندیکا بۆ مەبەستی کەفالەت.

مادەی حەڤدە:
ئەندامی ئەنجوومەن بە دەست لەکارکێشراوە دادەندرێ ئەگەر لەسێ دانیشتنی یەک لەدوای یەک یان پێنج دانیشتنی پچڕ پچڕ لە ماوەی ساڵێکدا بەبێ عوزری ڕەوا ئامادەنەبوو.

مادەی هەژدەم:
لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط) لەسێ ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێک دێ و کاری ئەوە تەماشای ئەو شکاتانە بکا کە ئەنجوومەن بۆی ڕەوانە دەکا، وە ئەو بنەمایانە ڕەچاو دەکا کە لە یاسای بەرزەفتی کارمەندانی دەوڵەتدا هاتوون.

مادەی نۆزدەم:
لیژنەی بەرزەفتی بۆی هەیە ئەم سزایانەی خوارەوە دەربهێنێ:
أ ـ ورياكردنەوە.
ب ـ ئینزار.
جـ ـ قەدەغەکردن بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ تێنەپەڕێ، وە ئەو قەدەغەکردنەش دەربارەی کارمەندو کرێکاری فەرمانگە لەسەرکارکردنە لەدوای کاتەکانی دەوامی ڕەسمی و فەرمانگەکەش بە بڕیارەکە ئاگادار دەکرێ.

مادەی بیست:
دەکرێ لە نێوان ماوەی سی ڕۆژ لە مێژووی ئاگادارکردن بە بڕیارەکە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا تانە لە بڕیارەکانی لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط) بدرێ و بڕیاری دادگاش بن بڕە.

مادەی بیست و یەک:
١ـ بە دەنگدانی نهێنی لیژنەی لق لەلایەن ئەندامانەوە هەڵدەبژێردرێ.
٢ـ لیژنەی لق لەسەرۆک و دوو ئەندامی ئەسڵی و ئەندامێکی یەدەگ پێک دێ.

## بەشی چوارەم
## (دارایی سەندیکا)

دارایی سەندیکا پێک دێ لە:
١ـ ڕەسمەکانی چوونەناو سەندیکا و ڕەسمی بەشداربوونی ساڵانە.
٢ـ ئەو پێ بەخشینانەی لەلایەنە ڕەسمی و ناڕەسمییەکانەوە پێشکەشی دەکرێن.

٣ـ ئەو پیتاک و خەڵاتانەی لەلایەن ئەندامان و غەیری ئەوان بە ڕەزامەندی لایەنە پسپۆڕەکان پێشکەش دەکرێن.
٤ـ قازانجی ئەو ئاهەنگانەی لەبۆ سوودی سەندیکا دەگێڕدرێن.
٥ـ قازانجی ئەو پرۆژانەی کە سەندیکا دەیەوێ دایان بمەزرێنێ یان ئەنجامیان بدا.
٦ـ قازانجی چاپەمەنییەکانی سەندیکا.
٧ـ ئەو ڕەسمانەی ئەنجوومەنی سەندیکا لە ئەنجامی کاری ناوبژیوانیدا بڕیاری لەسەر دەدات.
٨ـ پشتگیری کردنی توانای دارایی ئەندامانی سەندیکا و شایەتنامەکانی ئەنجوومەن دەریان دەچوێنێ.
٩ـ ڕەسمی پشتگیری کردنی گرێ بەندی نێوان ئەندامانی سەندیکاو خودان کارەکان.

بەشی پێنجەم

حوکمەکانی دوماهی

ماددەی بیست و سێ:

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ بێ.

ماددەی بیست و چوار:

لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی بیست و پێنج:

ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوبوونەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێت.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## هۆیە پێویستەکان:

بۆ پیادەکردنی کارو کۆششەکانی کیمیاگەران وەک باقی توێژەکانی گەلی کوردستان و ئاراستە کردنیان بۆ بەشداریکردن لە ئاوەدانکردنەوەو بونیادنان و گەشەکردنی کوردستان لە بوارەکانی زانستی و ئاوەدانکاری و کشتوکاڵی و پیشەسازییدا، کە ئامانجێکە لە ئامانجەکانی بزاڤی ئازادیخوازی کورد، کە مستەفا بارزانی نەمر ڕابەرایەتی کرد لە ئازادی و دیموکراسی و فیدراڵیزم، بۆ پتەوکردنی ئەم دەستەکەوتانەو چاودێری کردنی بەرژەوەندی ئەندامانی سەندیکا ئەم یاسایە دەرهێندرا.